# له پەراوێزی شیوەنی عەونی و دڵدار بۆ بەکر سدقی

شۆڕش حەسەن

شیوەنی "عەونی" و "دڵدار"ی شاعیر بۆ "بەکر سدقی" ١٨٩٠ - ١٩٣٧، هانی دام هەڵوەستە لەسەر هەڵوێستی ئەو سەرکردە و سپاسالارە بکەم، چونکە ئەوان وەک دوو شاعیری نەتەوەیی گەورەی کورد، لە سەردەمێکدا، کە بیری نەتەوەیی بە هەموو ناوچەکەدا بڵاو بووبووەوە، بەهۆی بارودۆخی دوای یەکەمین شەڕی جیهانی و وریابوونەوەی میللەتان بۆ دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین، لەخۆڕا و بێ بنەما، بۆ ڕووداوی لە دەستدانی ئەو ئەستێرە درەوشاوەیەی کورد لە ١١ی ئابی ١٩٣٧دا، بەرگی خەفەت و ماتەمیان نەپۆشیوە. ئێستا خۆشە، بچمە بنجوبناوان و هۆکاری ناسۆر و خەفەتی دڵی ئەوان بزانین، کە ئەو دەمە "عەونی" تەمەنی تەنیا (٢٣)ساڵ و دڵداریش (١٩) ساڵ بووە، واتە لەهەرەتی لاوێتی خۆیاندا، بەڵام لاوی هۆشیار بە حاڵی سیاسەتی دنیا و دەوروبەر و ئازار و دۆزی کورد بوون.

بەپێی زانیارییەکانی ئەو دوو شاعیرە، ئەوان ئەو سپاسالارەیان وەک ئەستێرەیەکی گەشی هیوای کورد و ڕزگاری کوردستان لە ژێر چەپۆکی بێگانەدا دەبینی، کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی "پەیمانی لۆزان"ی ساڵی (١٩٢٣)دا، بە موبارەکەی ئینگلیزەکان، کوردستان بەسەر عەرەب و تورک و فارسدا دابەش کرا، بۆیە ناهەقیان نەبووە لەوەی، کە بڵێن:

**رەئیسی جەیشی شادیم چوو، سوپاسالاری خەم بۆم هات**
**کە سەرکردەی نەما لەشکر، چ تاب و تاقەتی ماوە**

کەواتە ئەوان تەنیا لەبەر ئەوە نیگەرانیی شەهیدکردنی "بەکر سدقی" نەبوون، کە ئەفسەرێکی کورد بووە، شانبەشانی دەیان ئەفسەری تری کوردی ناو سپای عێراق، بەڵکوو نیگەرانی و ئاخ و حەسرەتی ئەو شێوەنەیان، بۆ سەرکردەیەکی نەتەوەیی کوردی خاوەن هێز و دەست ڕۆیشتوو بووە، کە مەردانە کاری بۆ ڕزگارکردنی کورد لەژێر چەپۆکی عێراق و دەوڵەتانی تری ناوچەکە کردووە، بۆیە جیاواز لە زۆربەی ئەفسەرە کوردەکانی تری نێو سپای عێراق، ڕووبەڕووی ئینگلیزەکان بووەتەوە و بەهۆکاری سەرەکی ماڵوێرانیی کوردی داناون، ئەمەشی لەهێز و توانایی خۆی ڕادیوە، چونکە خۆی بەکەمتر لە "ڕەزاشا" و "کەمال ئەتاتورک" نەزانیوە، کە ئەوان توانیویانە بەهێزی سەربازی خۆیان لە ناوچەکە، دوو دەوڵەتی مۆدێرن دابمەزرێنن، بۆیە ئەویش خەونی بەدامەزراندنی دەوڵەتێکەوە دەبینی کە تێیدا دەسەڵاتی ڕەهای هەبێ، تا لە سایەیدا بتوانێ خەونی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بێنێتە دی و ئاڵای کوردیش لە ڕیزی ئاڵای میللەتانی تردا بشەکێتەوە. هاتنەدی ئەو خەونەش بۆ ئەو سەردەمە کارێکی مەحاڵ نەبووە، لە سایەی بارودۆخی سیاسی و سەربازیی نێوان دوو شەڕی جیهانی، بۆیە ئەو بەپێچەوانەی سەرکردەی شۆڕشی ئاگری داغ شەهید (ئیحسان نووری پاشا)، ویستی خەونەکانی خۆی هەر لەناو ڕیزی ئەو سپایە بێنێتە دی کە هەر خۆی کەسی یەکەم و سەرکردە و سپاسالاری بووە. لەو پێناوەشدا ئامادەی هەموو فیداکارییەک بووە:

**وەتەن ڕۆڵەت کە (بێ) و (ڕێ) سپەرگاهی ڕەقیبت بوو**
**نیشانەی صدقە بۆ بەرزیت خەزێنەی ڕۆحی داناوە**

بۆ ئەو مەبەستەش سپاسالاری شەهید لەسەر ئاستی جیاواز چەندان هەنگاوی گرنگی گرتەبەر، بەهۆی ئەوەی باوەڕی بە عێراقی عەرەبی نەبووە و دژایەتی بیری نەتەوەیی ڕەگەزپەرستانەی عەرەبی کردووە، ئەو بیرە کوشندەیەی تا ئێستاش لەو دەوڵەتەدا بە زاڵی ماوەتەوە، بەپێچەوانەوە جەختی لەسەر عێراقیێک کردووەتەوە، کە نیشتمانی هەردوو نەتەوەی سەرەکی "کورد" و "عەرەب" بێت. سەرەتا هەوڵی داوە سپای عێراق لەڕێگەی ئەفسەرە کوردە دڵسۆز و هاوسۆزەکانییەوە کۆنترۆڵ بکات، هەروەها لەڕێگەی وەرگرتنی ڕێژەیەکی زۆری کورد لەچاو عەرەب لە کۆلێجی سەربازی، ئەمەش وای دەکرد لەماوەیەکی کەمدا سپای عێراق لەلایەن ئەفسەرانی کوردەوە کۆنترۆڵ بکرێت. لەلایەکی تریشەوە دەیویست سپای عێراق بە چەک و تفاقی ئەڵمان بەهێز



بەکر سدقی

بکات، هەروەها بەرنامەی ئەو سەفەرەشی بۆ تورکیا و دواتر بۆ ئەڵمانیا و بینینی "هیتلەر" بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیریی دەوڵەتی "ئەڵمان" بوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ.

بۆیە دەبینین ئینگلیزەکان دژی وەستانەوە و هەوڵی کوشتن و لەوناوبردنیان خستە بەرنامەی کارەکانیانەوە، ئەویش لەڕێگەی ئەفسەرە لایەنگرەکانیان و ئەوانەیش کە هەڵگری بیروباوەڕی ڕەگەزپەرستی عەرەبی بوون، بەهۆی ئەوەی مەرامەکانی "سدقی" ئەفسەرە ڕەگەزپەرستەکانی عەرەبی زۆر نیگەران کردبوو، ئەوان ترسیان لێ نیشتبوو ، سدقی بێجگە لەوەی دەیویست سپای عێراق بخاتە ژێر ڕکێفی کوردەوە، لەو لاشەوە نەخشەی بنیادنانی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆی داڕشتبوو، بۆ ئەم مەبەستەش قسەی لەگەڵ ئەڵمانەکان کردبوو، لە ڕێگەی (دوکتۆر غروبە)ی سەفیری ئەڵمانیا لە عێراق، هەروەها سەردانی شێخ مەحموودی نەمری کردووە لە بەغدا و دەستی ماچ کردووە، وەک "مەلیکی کوردستان" مامەڵەی لەگەڵ کردووە، بە دووقۆڵی و زۆر بەنهێنی باسیان لە کەینوبەینی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە کردووە، بۆیەش لێرەدا عەونی و دڵداری شاعیر ئەو هیوایەیان ناشارنەوە، کە دەڵێن:

**بە ئومێدی گوڵێکی بووم لەنێو باغی ئەمەل یاران**
**بەهاری تاڵعم ڕۆیی خەزانی نەگبەتم ماوە**

بەکر سدقی بۆ هێنانەدی خەونەکانی، لە ٢٩ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٣٦دا، کودەتای سەربازی، بەسەر حکوومەتەکەی یاسین هاشمی و تەهای براشیدا بەرپاکرد، کە ئەو کاتە سپاسالاری عێراق بوو، ئەو جووتە برایە لە عەرەبە ڕەگەزپەرستەکانی عێراق بوون، لە ئەنجامی ئەو کودەتایە زۆربەی ئەفسەرە شۆڤێنییەکان و لایەنگرانی ئینگلیز هەڵاتن و عێراقیان بەرەو وڵاتانی دەوروبەر جێ هێشت، چونکە کودەتاچییەکان سەرەتا "جەعفەر عەسکەری"ی وەزیری بەرگری عێراقیان کوشت، کە ئەو بەڕەگەز کورد بوو، بەڵام وەک ڕێوی لە کونی خۆی هەڵگەڕابووەوە، بووبوو بە مەقاشی دەستی ئینگلیز و عەرەب دژی نەتەوەکەی.

بەداخەوە دواجار پیلانی ئینگلیز و ئەفسەرە شۆڤێنییەکانی عەرەب بەسەرکردایەتی "سەلاحەددین سەباغ" سەری گرت و توانییان ئەو سەرکردە لێهاتووەی کورد لە شاری مووسڵی مۆڵگەی عەرەبە شۆڤینییەکان بە نامەردی شەهید بکەن. ئەوەی جێگەی داخە زۆرینەی ئەوانەی پیلانی شەهیدکردنی "بەکر سدقی"یان داڕشتبوو، هاوخوێنی خۆی بوون، لێرەدا بەدەست خۆت نییە دەستەواژەی (کورد خائینۆ)ی لاوکەکەی "کاوێس ئاغا"ت بیردێتەوە، چونکە ئەو پیاوە مەزنەی کورد بەدەست و پیلانی چەند کوردێک، بەناپاکی شەهید دەکرێت، داڕێژەران و جێبەجێکاری پیلانەکەش هەریەک لەم ئەفسەرانە بوون: عەزیز یامولکی، محەمەد خورشید، فەهمی سەعید و مەحموود ئەلهندی، بێجگە لەوەی دوایی (مەحموود ئەلهندی)، ئەوانیدی هەمووی کوردبوون:

**زیمامی چەرخی دەورانە کە هەر لەحزە لە گۆڕانە**
**لەبێ بەختی نەدیمی کورد بەخواری دێ لەهەر لاوە**

هەڵبەت دۆست و دوژمن گەواهی ئازایەتی و لێوەشاوەیی بەکر سدقی دەدەن، وەک بەتوانستترین ئەفسەری سپای عێراق، ئەو تواناییەشی لە مەیدانی شەڕدا سەلماندووە، لە هەر یەک لە شەڕەکانی سپای عێراق لە سییەکانی سەدەی ڕابوردوو، بۆیە ناهەقیان نەبووە شاعیرانمان کە گوتوویانە:

**وە چاکە قەومی کورد هەر گریەکا هەر قوڕ بەسەردا کا**
**هەتا ئێستا وەتەن زاوە کوڕێکی وای نەهێناوە**

وەک لەسەرەتاوە ئاماژەمان پێ دا، ئەو شیعرە

هانی دام بۆ ئەوەی زانیاریی ورد لەسەر بەکر سدقی کۆبکەمەوە، هەموو ئەو سەرچاوانەی من دیومن و لە پەراوێزی ئەو گوتارەدا ئاماژەم پێ داون، جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ئەو ئەفسەر و سەرکردە کوردەمان دژی ڕەگەزپەرستانی عەرەب بووە، بۆ ڕزگارکردنی کورد و خاکی کوردستان هەوڵی جددی داوە، هیوادارم نەبێ بە سەربازی ون و لە بیری ئێمە و نەوەکانمان بسڕێتەوە، بۆیە بە پێویستی دەزانم پسپۆرانی کورد، بەتایبەتی ئەوانەی بواری مێژوو، بە توێژینەوەی زانستی لایەنە تاریک و شاراوەکانی ئەو سەرکردەیە ڕووناک بکەنەوە، لەکاتێکدا توێژەرانی عەرەب بە چەندان توێژینەوەی زانستی تیشکیان خستووەتە سەر ڕۆڵی ئەو سەرکردەیە، بەڵام بەو ئاراستەیەی کە خۆیان مەبەستیانە، کەچی ئێمەی کورد لەو بارەوە کەمتەرخەمین و وەک پێویست ئاوڕمان لە ژیان و هەڵوێست و بەرنامەی ئەو کەڵە پیاوە نەداوەتەوە، بۆیە زیادەڕۆیی نییە، ئەگەر بڵێین: ئێمەی کورد قەرزاری (عەونی و دڵدار) ی شاعیرین، چونکە ئەوان بەهۆی هۆشیاری سیاسییانەوە ، لە ناخی بەکر سدقی و ئامانجە سیاسییەکانی گەیشتوون و لە هەڵوێستی کوردانە و مەردانەی ئەو کەڵە پیاوە دڵنیابوون، بۆیە ئەو ڕووداوە مێژووییەیان بەو شیعرە شیوەنە تۆمارکردووە، تا ناو و یادەوەری سوپاسالاری کورد بەزیندوویی بمێنێتەوە کە دەڵێن:

**هەتا مابوو وەکوو ڕۆستەم لەمەیدانی نەبەرد هەردەم**
**فیداکاری ئەکرد بۆ تۆ لەڕێگەی تۆیە فەوتاوە**
**ئەگەرچی دوورە ئەم باسە کە کۆتابێ هەتا مردن**
**مەحاڵە تەرکی ئەم باسە هەتا کوردێک نەفەر ماوە**

**سەرچاوەکان:**


١. دیوانی عەونی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، ٢٠١٨، ل ٥٧ -٥٩.
٢. ئەحمەد خواجە، شۆڕشەکانی شێخ مەحموود، چ٢، دەزگای ئاراس، چاپخانەی ئاراس- هەولێر، ٢٠١٣، ل ٣٠٧ و٣٠٨.
٣. دیدار لەگەڵ شێخ فتح الله شێخ ڕەشید لەبارەی بەکر سدقی، دیدارەکانی مامۆستا عبدالرقیب یوسف، لە وێبسایتی ناوبراو بەردەستە.
٤. پێوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ بەڕێز (مامۆستا سەردار جەباری)، ڕۆژی ٢٠٢٥/٨/٧.
٥. مذكرات طه الهاشمي ١٩٤١ -١٩٤٣، ط١، دار الطليعة، بيروت ،١٩٦٧، ص:٢١٦،٢١٥،١٢٦،و٢٤٢.
٦. اسماعيل عارف، أسرار ثورة ١٤ تموز، لندن، ١٩٨٦، ل٤٩-٥١.
٧. تاريخ الوزارات العراقية، عبدالرزاق الحسني، ط٢، مطبعة العرفان- صيدا، ١٩٥٣، ص ٢٣٦،٢٣٥،٢٣٢،٢١٩، و٢٧٢.
٨. نجدت فتحي صفوة، العراق في مذكرات الدبلوماسيين الأجانب، ط١، منشورات مكتبة العصرية، صيدا - بيروت، ١٩٦٩، ص ١٢٧،١٣١،١١٧،١١٥،و١٢٨.
٩. مذكرات فؤاد عارف، ط٢، دار ئاراس للطباعة والنشر، مطبعة ئاراس- اربيل، ٢٠١١، ص ٩٥ - ٩٧.